# قەڵای زەرد دەبێت

***وا بڕیارە سبەی سێشەممە لە وڵاتی کوێت یانەی کوێتی کوێتی کە ناسراوە بە (عمید) میوانداری شێرەکانی قەڵای زەرد بکات لەمیانی یارییەکانی قۆناغی هەشتەمی جامی یەکێتی ئاسیا بۆ تۆپی پێی ئەم یارییە زۆر گرنگە بۆ هەردوو یانە بۆیە بە پێویستی دەزانم خوێندنەوێك لەسەر هەردوو یانە بکەم و لەگەڵ پێکهاتە و چۆنیەتی یارییکردنی هەردوو یانە.***




## کوەیت کوەیتی

سەرەتا باسی یانەی کوەیت کوەیتی دەکەم ئەم یانەیە لە ساڵی (١٩٦٠) دامەزراوە، بەڵام لە ساڵی (١٩٦٣) بووە یانەیەکی فەرمی و توانیان (١٠) جار خولی کوەیت بە دەستبهێنن کە دواجاریان ساڵی (٢٠٠٨) بوو، (٩) جار بووە پاڵەوانی جامی میری کوەیت، (٣) جار بووە پاڵەوانی جامی (ولی عهد)ی کوەیت و توانی (١) جار پاڵەوانیەتی خەرافی بە دەست بهێنێت و بەشداری چەندین پاڵەوانیەتی ئاسیا و عەرەبی کردووە، بە چەندین نازناو ناسراوە وەکو (عمید)، ئەم یانەیە وەرزی پارساڵ تیپێکی زۆر بەهێزی هەبوو و چەندین یاریزانی بە توانا لەم یانەیە یارییان دەکرد، کە تیاییدا ڕاهێنەری فەرەنسی بانێت سەرپەرشتی دەکرد، بەڵام دوای کۆتایی هاتنی وەرزی پارساڵ ئەم ڕاهێنەرە یانەی ناوبراوی جێهێشت و چەندین یاریزانی بە توانای تر یانەی کوەیتی کوەیتیان جێهێشت وەکو سوری جهاد حوسێن کە ئەستێری یانەی کوەیت بوو هەروەها ئەنگۆڵی مۆریتۆ یاریزانی هێرشبەرە و گۆڵکارێکی بە توانا بوو و فەرج لهیب لەگەڵ چەندین یاریزانی تر، هەرچەندە دەستەی کارگێڕی یانەی کوەیت کوەیتی ئەمساڵ چەندین بۆندی مۆرکردووە سەرەتا ڕاهێنەرێکی ئەرژەنتینی بووە ڕاهێنەر کە ناوی ئۆرتیگایە و هەروەها بۆندیان لەگەڵ چەند یاریزانێکی پیشەگەر مۆرکردووە وەکو بەرازیلی کاریکا لە هێڵی هێرشبەر یاری دەکات و وەرزی پارساڵ لە یانەی نەسری کوێتی یاری دەکرد گۆڵکارێکی بە توانایە وەرزی پارساڵ لە گشت پاڵەوانیەتیەکان (١٤) گۆڵی تۆمار کردووە، هەروەها بۆندیان لەگەڵ یاریزانێکی تری بەرازیلی ڕۆجێرۆ ئەسیس دا سێلڤا مۆرکرد و هێرشبەرە پارسال لە یانەی ئەتلتیکۆ بارانیسی بەرازیلی یاری دەکرد زۆر ستایشی ئاستی ئەم یاریزانە دەکەن، لە هەمان کاتدا بۆندیان لەگەڵ یاریزانی ئەنگۆلی ئەندرێ ماگینگا نوێکردووە بۆ وەرزێکی تر و لە هێڵی ناوەراست یاری دەکات تەمەنی (٣٠) ساڵە یاریزانێکی بە توانایە لە ناوەراست هەروەها بۆندی لەگەڵ یاریزانی هەڵبژاردەی عومان ئیسماعیل عەجمی نوێکردووە ئەم یاریزانە زۆر بە توانایە لە گشت یارییەکان ئاستێکی بەرز نیشان دەدات زۆر خێرایە لە هێڵی هێرشبەر یاری دەکات لە کۆتایشدا بۆندیان لەگەڵ یاریزانی بە توانای هەڵبژاردەی بەحرێن عەبدوڵڵا مەرزوقی نوێکردووە ئەم یاریزانە زۆر بەهێزە لە هێڵی بەرگری و دەتوانی کۆنترۆڵی گشت تۆپە بەرزەکان بکات، لە هەمان کاتدا چەندین یاریزانی کوەیتی بە توانا لەم یانەیە یاری دەکات وەکو گۆڵچی خالد فەزلی کە گۆڵچێکی بە توانایە یاریزانی هەڵبژاردەی کوەیت بوو لەگەڵ هەردوو یاریزان جەراح عەتیقی و ولید عەلی هەردووکیان لە ناوەراست یاری دەکەن و خالد عەجب یاریزانێکی زۆر باشە لە هێڵی هێرشبەر، هەرچەندە (٥) یاریزانی پیشەگەر لەم یانەیە یاری دەکات دەبێ لەم پێنج یاریزانە (٣) یاریزان دەست نیشان بکەن بۆ ئەوەی لە جامی یەکێتی ئاسیا یاری بکەن، سەرچاوەکان باس لەوە دەکەن کە یانەی کوەیت بڕیاریداوە لە پاڵەوانیەتی جامی یەکێتی ئاسیا یاری بەم (٣) یاریزانە پیشەگەرە بکات



رێبین ڕەمزی
rebin1985@yahoo.com

# ـــــه میوانی (عمید)ی کوێتی



ئەوانیش ( رۆجیــرۆ – عەجمی – عەبدوڵڵا مەرزوقیە) واتە زیاتر بایەخی بە هێڵی هێرشبەر داوە ئــەوەی جێگای دڵخۆشــکەرە کە رەنگە یاریزانــی بەرازیلی کاریکا یــاری نەکات لەم پاڵەوانیەتیە ئەویش یاریزانێکی گۆڵکارە.

جەماوەر لە ئاستی یانەکیان رازی نینە

یانەی کوەیت بەشــداری لــە پاڵەوانیەتی جەزیرەی ئیماراتی کرد لەم پاڵەوانیەتیە یانەی کوەیت تووشــی دوو دۆڕان هات ئەمەش بووە هۆی رەخنەیەکــی زۆری جەماوەری یانەی نابراو بەهۆی ئاســت خراپــی یانەکەیان، بە بۆچوونی ئەوان یانەکەیان کێشەیەکی گەورەی هەیــە لە هێڵی هێرشــبەر ئەمــەش بەهۆی پلانی راهێنەرەکەیە زیاتــر بایەخ بە بەرگری و ناوەڕاســت دەدات و یاریزانەکان لە شــوێنی خۆیان یــاری پێ نــاکات، هاندەرانی یانەی ناوبــراو داوایان کرد کە ئەم راهێنەرە لەســەر کارەکەی لابدرێت.

**پێکهاتەی یانەی کوەیت**

دوای سەیرکردنی یارییەکانی یانەی کوەیت کوەیتی لــە پاڵەوانیەتی جەزیرەی دۆســتانە یانەی کوەیت زۆربەی یارییەکان بە پلانی (٤-٥-١) یــاری دەکرد،بەڵام وا چاوەڕوان دەکرێت ئەم یانەیە بە پلانی (٤-٤-٢) یاری بکات، بەم شێوەی خوارەوە.

خالد فەزلی (مەسب کەندری)(گۆڵچی)

**لە هێڵی بەرگری**

فەهد عــەوز – عەبدوڵڵا مەرزوقی – ئەحمەد عەیدان – حوســێن حاکم (یعقوب تاهیر)

**لە هێڵی ناوەراست**

وەلیــد عەلــی – جــەراح عەتیقــی – ئیســماعیل عەجمی – عەبدولرەحمان عەوزی

**لە هێڵی هێرشبەر**

رۆجێرۆ – خالید عەجب

هەرچەندە ئەم پێکهاتەیە تەنیا پێشبینی خۆمە رەنگە گۆرانکاری تیاییدا بکرێت

**شێرەکانی قەڵای زەرد**

هەفتەی رابردوو باسی هێڵە لاوازەکانی یانەی هەولێرمان کرد کە لای هەموو کەسێك ئاشکرایە هێڵی بەرگری زۆر لاوازە بۆیە زۆر باسی لایەنی تەکتیکــی ناکەین، بەڵام زیاتر باســی لایەنی پێکهاتە و شێوازی یاریکردن دەکەم، بە پێشبینی خۆم ســائیر ئەحمەد راهێنەری یانەی هەولێر بە پلانی (٥-٤-١) یاری دەکات ئەمەش بۆ ئەوەیە کە لــەم یارییە بە کەمترین گۆڵ زەرەرمەند بێت هەرچەندە یەکسان بوون یاخود دۆڕان بە جیاوازی گۆڵێك لە دەرەوەی یاریگا ئەنجامێکی زۆر باشە بۆ یانەی هەولێــر، بەڵام دەبێ ئەوەش بزانین کە یانــەی کوەیت زۆر لەیانەی هەولێر دەترســێت، چونکە بە بۆچوونی خۆیان ئاستی یانەکەیان زۆر خراپە دەبێ یانەی هەولێر لەم یارییە ئەم هەڵەیە بقۆزێتــەوە بۆ بەرژوەندی خــۆی، دەبێ ئەوەش بزانین ئەو یاریگایە کــە یارییەکەی لێ ئەنجام دەدرێــت یاریگایەکی زۆر خراپــە، بگەڕێنەوە لەســەر پێکهاتەی یانەی هەولێر گەر بەم پلانە یاری بکات وا پێشــبینی دەکرێت بەم یاریزانانە یاری بکات.

ئەحمەد عەلی ( گۆڵچی )

**هێڵی بەرگری**

یاسر رەعد – نەبیل عەباس – عیسام یاسین – رافد بدردین ( ئەحمەد ئیبراهیم)

**هێڵی ناوەراست**

مەهدی کەریم – ویسام زکی ( هەڵگورد مەلا محەمەد)– سهل نەعیم – حوسێن عەبدولواحید (کوبی )– موسلم موبارك

**هێڵی هێرشبەر**

ئەحمەد سەڵاح ( حوسێن کەریم)

ئــەم پێکهاتەیــە تەنیــا پێشــبینیە رەنگە گۆڕانکاری تیاییدا بکرێت بە پێی پێویســت، بە پێی چەندین هەواڵ کەوا دەســتەی راهێنەرانەی یانــە چارەســەری خاڵە لاوازەکانیــان کردووە و پەیمانیان داوە لەم یارییە ئاســتێکی باش نیشان بدەن و دڵی جەماوەرکەی خۆیان خۆش بکەن لەم یارییە گرنگ و چارەنووسەدا.





# تۆریس: بەهێزترین یارییمان بەرامبەر مانچستەر



*** یانەی لیڤەرپوول کامیان گرنگترە بردنەوەی خولی یانەکانی ئینگڵتەرە و یان خولی یانەکانی ئەورووپا؟**

- ئەو کاتەی پەیوەندییم بە یانەی لیڤەرپوول کرد ئاواتی سەرەکیم بە دەستهێنانی نازناوی خولی یانەکانی ئەورووپا بوو، زۆری پێ نەچوو کە ئەوەی جەماوەر دەیەوێ من هەڵەم پێیان ووتم بە دەستهێنانێ خولی یانەکانی ئینگڵتەرە زۆر گرنگترە لە لای جەماوەر چونکە ماوەی (٢٠) ساڵە تاموچێژی ئەم نازناوەمان نەکردووە و ئێستاش باش تێگەیشتم چییان دەوێ.

*** چۆن؟**

- بە دەستهێنانی ئەم نازناوە زۆر گرنگە لەم کات و ساتە، یانەی مانچستەر یۆنایتد وەکو ئێمە (١٨) جار ئەم نازناوەی وەرگرتووە و دەبێ بسەلمێنین ئێمە باشترین .



*** چی دەڵی دەربارەی رکابەرەکانی دیکە؟**

- لەگەڵ رێزم بۆ هەردوو یانەی چێڵسی و ئەرسناڵ لەبەر ئەوەی لە یانە بەهێزکانن و گەورەترین و خۆشترین یارییمان لە وەرزی ئەمساڵ لەگەڵ یانەی مانچستەر یۆنایتد دەبێ، بەرای من بە دەستهێنانی خولی یانەکانی ئینگڵتەرە بەقەد بە دەستهێنانی هەڵبژاردەی ئیسپانیا بۆ جامی نەتەوەکانی ئەورووپا دەبێت.

*** ئەی قسەت لەسەر مانچستەر سیتی چییە؟**

- وای بۆ دەچم کە یەکێك بێت لە یانە بەهێزکان، بەڵام لەم وەرزە نابێت، بەڵکو لە وەرزکانی دیکە دەبێت.

*** تۆ زیاتر هاندەری ئەتلتیکو مەدرید بوویت لە یانەی ریال مەدرید بۆچی؟**

- ئەمە بۆ بنەماڵەکەم دەگەڕێتەوە بە گشتی و دایکم بە تایبەتی لەبەر ئەوەی بە بەردەوامی لەگەڵمدابوو لە مەشقەکانی بەچکەشێرانی ئەتلتیکۆ مەدرید کە رۆژانە دوو جار بوو هەروەها من نابمە هاندەری یانەیەکی وەکو ریال مەدرید کە بەبەردەوامی رکابەرمان بوو بۆ بە هیچ شێوەیەك بیرم لەوەنەکردۆتەوە کە بۆ ریال مەدرید یاری بکەم.

*** ئەم هەستەش لە لیڤەرپوولی شاری کرێکاران بەدی دەکرێت؟**

- ئەمە راستە لە پشووی هەفتانە خەڵك سەردانی ئەنفێلد دەکات بۆ بینی باشترین یانە، من چەندین بۆندم لە یانە زلهێزکانی ئینگڵتەرە بۆ هات، بەڵام لەبەر کەسایەتی و خۆشەویستی و مێژووی ئەو شارە ئەو یانەیەم هەڵبژارد و حەزیشم کرد ئەو یانەیە بگەڕێنمەوە رۆژی زێڕینی خۆی.

*** بە رای تۆ کامیان بەهێزترە خولی**

## بێکهام و زوومی کامیراکان



ئەستێرەی ئینگلیزی دێڤد بێکهام یەکێکە لە بەناوبانگترین ئەستێرەی تۆپی پێ لە جیهان، ئەم یاریزانە بۆ کوێ بڕوات چاوی هاندەران و زوومی کامیراکان بە دواوەیەتی ئەم یاریزانە زیاتر گرنگی پێ دەدرێ کە فیکتۆریای هاوسەری کە گۆرانی بێژبوو لە تیپی سپایس جیرلز یاوەری بێت، هەر لەو گەشتەش هەر سێ منالی بروکلین و رۆمیۆ و کروزیشیان لەگەڵدا بوو، بێکهام و بنەماڵەکەی بەمەستی گەشت و گوزار سەردانی شاری سان تروپیەی فەرەنسیان کرد و وەرگرتنی وێنە لە هەر کاتێکدا لەلای بێکهام بوویتە شتێکی سادە.

## ئەروزنیری و سەرکردەیەکی تازە

ئەستێرەی پێشووی بەڕازیلی لیناردۆ و برادەرەکەی لەسەر پردی ریالتۆ لە شاری بوندقیە لە باکوری ئیتاڵیا بەیەك شاد بوونەوە، ئەویش دوای ئەوەی لیناردۆ بڕوانامەی شانازی لە کارگێڕی وەرزشی لە زانکۆی ئەو شارە وەرگرت پێشی ئەوەی بگەڕێتەوە شاری میلانۆ ئەویش بۆ وەرگرتنی پۆستی نوێیی وەکو راهێنەری یانەی میلان یانە ئەروزنیری باشترین دوو کەسی رۆیشتن یەکەمیان راهێنەر کارلۆ ئەنشیلۆتی بۆ یانەی چێلسی و دروستکەری یارییەکان بەڕازیلی کاکا چووە یانەی ریال مەدرید و چاودێران وای بۆ دەچن لیناردۆ ناتوانێ شوێنی ئەنشیلۆتی پڕ بکاتەوە کە خاوەن ئەزموون و کەسایەتییەکی بەهێزبوو.





ئەستێرەی ئیسپانی فرناندۆ تۆریس کە لە لای جەماوەر و بە نێوەی منال ناوزەند کراوە و ئێستاش لە تاقیکردنەوەیەکی قورسدایە دوای ئەوەی توانی لەگەڵ هەڵبژاردەی وڵاتەکی نازناوی یۆرۆ بباتەوە و یانەی لیڤەرپوولی لە وەرگرتنی نازناوی پارساڵ نزیکردەوە کە ماوەی (٢٠) ساڵە لێی دوورن بەمەبەستی ئاشنابوون بە چالاکییەکانی یانەی لیڤەرپوول یەکێك لە گۆڤارەکان دیمانەیەکی لەگەڵی سازدا ئێمە لەبەر گرنگی و هاندەرانی ئەم یاریزانە بەباشمانزانی لە فایلی وەرزشی بڵاو بکەینەوە.

## ـــتەر یۆنایتد دەبێت

**ئینگلیزی و یان ئیسپانی؟**

- تۆپی پێی ئینگلتەرە خۆشەویستی خۆی لەجیهان هەیە ئەویش بە هۆی یاریزانەکان نییە، بەڵکو بەو شێوازەیە کە کاری هەڵبژاردەکەیان بەڕێوە دەبەن و خۆشیەکی رادەبەدەر دەخەنە دڵی جەماوەر و پەیژەکان پڕ دەبێ لە هاندەران کەچی خولی ئیسپانیا زۆر یاریزانی خاوەن ئەزموونی هێناوە و ریال مەدرید کاکا و رۆناڵدۆیان هەیە یانەی بەرشلۆنەش خافی و میسی و ئیبراهیمۆڤیچی تێدایە و سەرەڕای ئەمانەش هێشتا خولی ئینگلتەرە لە هەردوو خولی ئیتاڵیا و ئیسپانیا بەهێزترە.

*** بەڕای تۆ رۆیشتنی رۆناڵدۆ بۆ ریال مەدرید بردنەوە لە مانچستەر یۆنایتد ئاسانتر دەبێت لە خولی ئینگلتەرە؟**

- کریستیانۆ رۆناڵدۆ لە ماوەی سێ ساڵی رابردوو لە یەکێك لە باشترین یاریزانەکانی جیهان دەناسرێت و رۆیشتنی ئەم یاریزانە زیانێکی گەورە بوو بۆ خولی ئینگلتەرە بۆ ئێمە شتێکی سەرسوڕهێنەرە لە یەکەمین یاری وەرزی ئەمساڵ بینیمان لە خولی ئیسپانیا یاری دەکرد، بەرای من مانچستەر بێ ئەو یاریزانە لاواز نابێت چونکە زۆر یاریزانی بە توانای هەیە، گرنگ لای من ئەوە نییە کە مانچستەر یۆنایتد دەدۆڕێنی، بەڵام گرنگتر ئەوەیە کە لیڤەرپوول یارییەکان بباتەوە.

# ئیبراهیمۆڤیچ: یانەی بەرشلۆنە دەبێتە بەربەستێک بۆ مۆرینهۆ



دوای ئەوەی یاریزانی یانەی بەرشلۆنە ئیبراهیمۆڤیچ لە چاوپێکەوتنێکدا پێشبینی بردنەوەی یانەی پێشووی ئەنتەر میلانی لە ئەی سی میلانی کردبوو، بەڵام چاوەڕوانی ئەو ئەنجامە گەورەی نەدەکرد بۆیە لە لێدوانێکی دا بۆ رۆژنامەی (لاگازێتا دێل سپۆرتی) ئیتاڵی ئیبراهیمۆڤیچ گوتی: من سەیرم بە یانەی میلان هات لەم یارییە چونکە ئاستی زۆر نزم بوو و بەهیچ شێوەیەك ئەمە ئاستی میلان نییە لەم پێنج ساڵی رابردوو، یانەی ئەی سی میلان رکابەرێکی بەهێزی خولی ئیتاڵیا بوو.

دەربارەی یاری نێوان ئەنتەر میلان و بەرشلۆنە لە خولی یانە پاڵەوانەکانی ئەوروپا ئیبراهیمۆڤیچ گوتی: یانەی بەرشلۆنە شارەزاییەکی تەواوی لە خولی یانە پاڵەوانەکانی ئەوروپا هەیە، بەڵام ئەنتەر میلان شارەزاییەکی تەواوی لە بردنەوەی خولی ئیتاڵیا هەیە، بۆیە مۆرینهۆ تووشی زۆر کێشە دەبێت بۆ ئەوەی لە بارسا بباتەوە هەرچەندە مۆرینهۆ ئامادەی یەکەم یاری ئێمە بوو لە خولی ئیسپانیا، من نامەوی باس لە جیاوازی ئاستی من و ئیتۆ بکرێت، چونکە حەز لەم جۆرە شتانە ناکەم هیوای سەرکەوتن بۆ ئیتۆ دەخوازم حەز دەکەم هەردەم لە یارییەکان گۆڵ تۆمار بکات.



# بەرازیلی پارێزگاری لە پێشەنگ دەکات

فیفا ریزبەندی هەڵبژاردەکانی جیهانی مانگی رابردووی راگەیاند و هەڵبژاردەی بەرازیل توانی لە پێشەنگ بمینێتەوە و ئەمەی خوارەوەش رێزبەندی باشترین (١٠) هەڵبژاردەی جیهانەلە تۆپی پێی.

١- بەرازیل ١٦٠٤ خاڵ
٢- ئیسپانیا ١٥٨٨ خاڵ
٣- هۆڵەندە ١٣٧٦ خاڵ
٤- ئیتاڵیا ١١٨٦ خاڵ
٥- ئەڵمانیا ١١٨٦ خاڵ
٦- رووسیا ١١٢٩ خاڵ
٧- ئینگلتەرە ١١٢٧ خاڵ
٨- ئەرژەنتین ١١١٣ خاڵ
٩- کرواتیا ١١٠١ خاڵ
١٠- فەرەنسا ١٠٤٠ خاڵ
١١- ئەمەریکا ٩٧٤ خاڵ

ئەمەو هەڵبژاردەی عێراق لە پلەی (١٠٠) هاتە پلەی (٩٨).

## دۆنگا:
# گەر ١١ مناڵ بهێنین رکابەری لەسەر مۆندیال دەکەین




راهینەری هەڵبژاردەی بەرازیلی دۆنگا گوتی: ئێمە لە ئێستاوە خۆمان بۆ مۆندیالی (٢٠١٠) ئامادە دەکەین و بەرنامە دادەرێژین، چونکە کورسی خۆمان مسۆگەر کردووە دوای ئەوەی سەرکەوتنێکی گەورەمان لەسەر ئەرژنتین تۆمار کرد، دۆنگای کاپتنی پێشووی هەڵبژاردەی بەرازیلی ساڵی ١٩٩٤ دەڵێ: من لەخۆبایی نیم کە ئەم قسانە دەکەم و بڕوا بکەن گەر (١١) مناڵی بەرازیلی بهێنین یەکێك دەبین لە پاڵێوراوەکان ئەویش لەبەر ئەوەی درێسی بەرازیلی لەبەر دەکەین و خاوەن مێژوویەکی گەورەین و (٥) جار نازناومان بەرزکردۆتەوە.





# کاناڤارۆ: گلەیی لە رەخنەگران ناکەم

کاپتنی هەڵبژاردەی ئیتاڵیا فابیۆ کاناڤارۆ مافی بەو کەسانە دەدا کە دەڵێن تیپی ئیتاڵیا بەشێوازی بەرگری یاری دەکات و شێوازی یاری جوانی تێدانییە، یاریزانی هێڵی بەرگری یانەی یۆڤانتس لە دیمانەیەکی لەگەڵ رۆژنامەی دیلی سپۆرتی وەرزشی تەئکیدی کردەوە دەڵێ ئێمە لە کاتی یاریکردنمان خۆشی ناخەینە دڵی جەماوەر و پەنا دەبینە بەر شێوازی بەرگریکردن یاریزانی پێشووی ریال مەدرید کاناڤارۆ زیاتر دەڵێ بەهۆی پتەوی هێڵی بەرگری توانیمان نازناوی مۆندیالی (٢٠٠٦)ی ئەڵمانیا ببەینەوە جیگەی باسە ئێستا هەڵبژاردەی ئیتاڵیا لە ژێر سەرپەرشتی جۆڤانی تراپاتۆنیە.






# مانچستەر سیتی زۆرترین پارەی لە گواستنەوەی یاریزانەکان سەرفکردووە

دوای کۆتایی هاتنی گواستنەوەی یاریزانان لە نێوان یانەکان، رۆژنامەی (دایلی میل)ی بەریتانی لیستێکی بلاوکردەوە دەربارەی ئەو یانانەی کە زۆرترین پارەی سەرفکردووە بۆ کرینی یاریزانەکان لە وەرزی هاوینە کە تیاییدا یانەی مانچستەر سیتی لە پلەی یەکەم دێت دوای کرینی چەند ئەستێرەیەك لەوانە ئەدیبایۆر و تێڤێز و چەندین یاریزانی تر، ئەمەی خوارەوەش لیستی یانەکانە.

١- مانچستەر سیتی ١١٨ملیۆن باوەندی سەرفکردووە
٢- ئەستۆن ڤیلا ٤٣,٦ ملیۆن باوەندی سەرفکردووە
٣- لیڤەرپوول ٣٩ ملیۆن باوەندی سەرفکردووە
٤- ساندرلاند ٣١ ملیۆن باوەندی سەرفکردووە
٥- تۆتنهام هۆتسبێر ٢٧ ملیۆن باوەندی سەرفکردووە
٦- ئیڤرتۆن ٢٢ ملیۆن باوەندی سەرفکردووە
٧- ستۆك سیتی ٢١,٨٥ ملیۆن باوەندی سەرفکردووە
٨- مانچستەر یۆنایتد ٢١ ملیۆن باوەندی سەرفکردووە
٩- چێلسی ١٩,٧٥ ملیۆن باوەندی سەرفکردووە
١٠- بێرمنگهام سیتی ١٩,٤٥ ملیۆن باوەندی سەرفکردووە
١١- وڵڤرهامبتۆن ١٦,٥ ملیۆن باوەندی سەرفکردووە
١٢- هال سیتی ١٣ ملیۆن باوەندی سەرفکردووە
١٣- بلاکبێرن رۆڤەرز ١٢ ملیۆن باوەندی سەرفکردووە
١٤- ئەرسەناڵ ١١,٣ ملیۆن باوەند سەرفکردووە
١٥- وێست هام یۆنایتد ١٠,٧٥ ملیۆن باوەندی سەرفکردووە
١٦- ویگان ٩,٤ ملیۆن باوەندی سەرفکردووە
١٧- پۆرتسمۆس ٩ ملیۆن باوەندی سەرفکردووە
١٨- بۆڵتۆن ٨,٧ ملیۆن باوەندی سەرفکردووە
١٩- بیرنلی ٦,٦٥ ملیۆن باوەندی سەرفکردووە
٢٠- فۆلهام ٥,٥ میلۆن باوەندی سەرفکردووە

کۆی گشتی یانەکان نزیکەی (٤٦٠,٧) ملیۆن باوەندیان سەرفکردووە لە وەرزی ئەمساڵ بۆ کرینی یاریزانەکان.